شعر دەبێ دایکیشی هەبێ وەک چۆن باوکی هەیە

ڤرجینیا وۆلف

# چەند سەرنجێک لەسەر باباتەکەی ڤینۆس فایەق سەبارەت بە ئەدەبی ژنان

ڕێکپۆش عزیز
rekposh_3@yahoo.com



لەم ماوەیەدا لەسەر سایتی دەنگەکان بابەتێکی ڤینۆس فایەقم کەوتە بەرچاو کە خۆی بە وەڵامێکی درەنگ وەختی داوەتە قەڵەم لەسەر بابەتێکی هەندرێن بەناونیشانی( ئامادە بوون و دڵەراوکێی ژنان لە جەستەی زمانی کوردیدا). هەڵبەت من لەگەڵ بەشێکی راکانی هەندرێنم، بەتایبەتیش ئەوەی کە باس لە هەندێ لە ژنە نوسەر و شاعرەکان دەکات کە رێک کۆپییەکن لە زمان و بیری پیاو لە پانتای مەعریفەی کورددیدا. هەروا ڤینۆس بۆ خۆی یەکێکە لەو ژنانە کە کەوتۆتە ژێر ئەو کارگەریەی کۆمەڵگای پیاو سالاری و وەک پیاو دەنوسێ و شتێ لە ئەدەبی ژن و زمانی ژن و کەلتوری ژن نازانێ. ئەدەبی ژنان لە سەرەتای ساڵەکانی 1882 ..وە، زیاتریشبە نوسینەکانی ڤرجینیا وۆلف دەست پێدەکات کە بیری ژنانەی لە بەرهەمەکانیدا داهێنا و لە ساڵاکانی 1970 وە لە زانکۆکانی ئەمەریکا وئەوروپادا وەک بەشێک لە فێمێنیزم دەخوێندرێت و کۆلیژی سەربەخۆشیان هەیە، تاتانەت پلەی خوێندنی باڵاشی تیا بەدەست دێت. ئیتر نازانم ڤینۆس چۆن دەتوانێ نکۆڵی لە نەبوونی ئەدەبی ژنان بکات و بە وەهم و گرێی مێینەیی بداتە قەڵەم؟ هاوکاتیش ئەمرۆ لە رۆژئاواشدا لە بواری رەخنە و گفتوگۆیە ئەدەبییەکاندا دەستەواژەی ئەدەبی ژنانە و پیاوانە لە برەودایە. لەوەش گەرێ کە لە بواری لێکۆڵینەوەدا لە ئاستی زانکۆیەکاندا ئەدەبی ژن و زۆر بەربلاوە. هەڵبەت جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم وەڵامەم تەنها لەو روانگەیەوە نییە کە ڤینۆس لەسەر هەندرێنی نوسیوە، بەڵکو کاتی خۆی ساڵی..1999...داڵە ژمارە ...34...ی رۆژنامەی ژیانەوەدا من تەوەرێکی لەو بابەتەم کردەوە کە ئایا ژنان شوناسێکی ئەدەبی تایبەت بە خۆیان هەیە ؟ زۆربەی ئەدیب و نوسەراکانی کوردستان هەمویان بە جیاکاری و تەفرەقەو بێماناییان دایە قەڵەم. ڤینۆس یەکێک بوو لەوانە. بابەتێکی نارد بە ناو نیشانی( ئەدەبی ژنان یان گرێی مێینەیی ) 1کە تەناتەت لەو وەڵامەشدا ڤینۆس حاشای لە بوونی بزوتنەوەی ژنانیش کرد. وەک خۆی لە بابەتەکادا دەڵێ( بە رای من ئەمرۆ باوی ئەو رێکخراوانەش نەماوە کە داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن) هەر ئەم وتەیەش بوو بە هۆی بێدەنگ بوونم لێی بەو هیوایەی ڤینۆس هاتۆتە دەرەوە بەڵکوو شتێک لەم بارەیەوە فێربێت، لەو وولاتەی کە ئەوی لێ دەژی بەلام بەداخەوە پاش ئەو حەت ساڵە ڤینۆس قسەکانی نوسەر عەرەب لەتیفە دلێمی دەجوێتەوەو حاشا لە ئەدەبی ژن و بزوتنەوەی فێمێنیزم دەکات. وەک خۆی لە وەڵەمەکەی بۆ هەندرێن دەڵێ( بەداخەوە هەندرێن غەمی بوونی ژنی بچوک کردۆتەوە، کردویەتی بە غەمی بوونی رەگەز، نەک غەمی بوون بەمانا فراوانەکەی، چونکە بە باوەری من غەمی مێینەیی ژنی کورد لەگەڵ غەمی بە ئادەمزادبووندا یەکێکە و لەیەک دانابرێن)2
من لێرەدا بۆ ئەوەی بگەرێمەوە سەر باسەکەم بە سەرەتای سەر هەڵدانی ئەدەبی ژنەوە دەست پێدەکەم کە بە کتێبەکەی ڤرجینا وولف دەست پێ دەکات بە ناوی( ژوورێک بۆ خودی خۆی) باس لە دیدگای

ژنان و ئەدەبی ژنان دەکات وە لە هەمان کاتیشدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆ هێندەی نوسەری پیاو هەیە هی ژنمان نیە ئەو لە کتێبەکەیدا باری زاتی و مەوزووعی ژنان دەکۆڵێتەوە کە بە درێژایی مێژوو نادیدە گیرابوو ، ئەو دەڵێ پیاوان هەموو ئەو تەجروبانەی کە یەک مرۆڤ پێویستە بیکات کردویانە، بەڵام ژنان لەو تەجروبەیە بێبەش بوون، ئیتر لەم حاڵەتەدا ژن چۆن دەتوانێ داهێنەر بێت؟؟ ئەو نمونەی شکسبیر باس دەکات کە گەر شکسبیر خوشکێکی هەبوایە و هەمان ئیمکانات کە ئەو هەیبوو خوشکەکەشی هەیبوایە ئەوا شکسبیر ئەو تەنها کەسە نەدەبوو کە لە تەواوی دنیادا بناسرێت، بەڵام خوشکەکەی مەجبوور بووە لە ناو ماڵدا دەوری دایک ببینێ و خزمەتی ئەو بکات ، بۆچوونەکانی ئەو لەبارەی ئەدەبی ژن و شێوازی نوسینی ژنان و روانگەی ژنانە سەرەتایەک بوون بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەدەبی ژنان لەناو بزوتنەوەی فیمێنیزم دا، بە پێی بۆچوونەکانی وۆڵف ژن بە پرۆسەیەکی جیاوازدا تێ دەپەڕێ لە ژیاندا وەک چۆن پیاویش بە شێوەیەکی جیاواز لە ژن ژیان تێدەپەڕێنێ، کەواتە ژن کەلتورێکی جیاو تێرامانێکی جیاو زمانێکی جیاو هۆشیاریەکی جیاو سەرئەنجامیش ئەدەبێکی جیاوازی هەیە3، وە ئەگەر لێرەوە ئەو پرسیارە بکەین کام رۆڵی رەگەز تەحەکوم دەکات بەسەر ئەدەبی کوردی دا ئەوا هەر زوو لەوە تێدەگەین کە پیاو بە هۆی زمان و کەلتوری خۆیەوە هەموو ئەو پانتاییەی داگیر کردوە، وە ژن لەو پانتاییەدا وەک پەنابەر وایە کە دەبێ زمانی پیاو فێربێت بەپێی یاسای بنەماکانی بیری پیاویش بنوسێت وە ئەو ووشە ئەفسوناویەی ڤینۆس بەکاری دەهێنێ ( ئادەمیزاد بوون) گەورەترین فێڵی ئەو کۆمالگا پیاوانییە بۆ مەسخ کردنی بیری ژنان وە ئەو دێرەی کە لە سیمۆن دی بۆڤوار هێناوتەوە دەبوو بەتەواوەتی درێژەی بە تەواو کردنی بدایە سیمۆن دەڵێ، پێناسەی مرۆڤ تانها پیاو دەگرێتەوە، ژن کاتێ پێناسەی خۆی دەکات دەڵێ من ژنێکم ، بەڵام پیاو ئەو کارە ناکات، ئەو دەڵێ لە پێناسەی مرۆڤدا سود لە ووشەی پیاو وەرگیراوە نەک ژن ، وە ژنان لەناو پیاواندا پەرەوازە بوون نە مێژوویان هەیەو نەگونجانێکی سرووشتی، ژنان پێچەوانەی هاموو ئەو گرووپانەی کە ستەمیان لێ دەکرێت لەدەوری یەک کۆنەبوونەتەوە بۆیە ژن هەمیشە لە پەیوەندیەکی لاسەنگدایە لەگەڵ پیاودا.

سیمۆن دەڵێ ژن پێچەوانەی پیاو دووبەشە، مەوقعیەتی مرۆیی پیاو هیچ کات لەگەڵ چارەنوسی ئەودا وەک پیاوێک لە ناکۆکی دا نیە بەڵام ژن بە پێچەوانەی پیاوەوە کاتێ ژن سیفەتە کانی وەک ژن دەپارێزێ وەک منداڵبوون یان شیردان ئەوا بە سادەو لاواز دەدرێنە قەڵەم ، بەڵام کاتێ بیەوێ وەک مرۆڤ خۆی پێناسە بکات و لە بواری گشتیدا بەشدار بێت وەک مرۆڤ ئەوا ئەو کات دەبێ خۆیان بە پیاو بچووێنن یا وەک پیاو بیر بکەنەوە نکۆڵی لە سیفەتەکانی خۆی بکات وەک ژن. لە سەدەکانی نۆزدەدا ا روانگەی پیاوان بۆ ژنان ئەوە بوو کە دەیان وتت گەر ژنێ زۆر بخوێنێتەوە ئەوا منداڵانی وشک دەبێتەوە ، لە سەدەی بیستیشدا دەیان وتت شیردانی سروشتی لە هۆشیاری ژن کەم دەکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە کاتێ چەمکی مرۆڤ چەمک بوو پیاو دایهێنا بۆ مەسخ کردنی رەگەزی ژن و پلە دووکردنی. بۆیە فیمێنیزم هەوڵ دەدات جارێکی تر ئەو شوناسە بگەرێنێتەوە بۆ ژن، چونکە لەشی ئێمە و رەگەزی ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا لە ئاستێکی رەهادایە ئێمە ناتوانین بیر بکەینەوە بێ ئەوەی نەزانین سەر بەکام جۆری رەگەزین، بێگومان بێ دیاری کردنی رەگەزیش لەشمان نیە. کەواتە لەش چیەو رەگەز چیە ؟ دەتوانین بەو بنەما بایۆلۆژیەی دابنێین کە لا ژیانی ئێمەدا هەیە، بەڵام کاتێ فیمێنیزم ئەم راستیە دەخاتە بەر چاوی دانەرانی تیۆری سیاسی وسیاسەتی پراکتیزەکراو ئەوا نەک هەر دانی پێدا نانێن بەڵکو نکۆلیشی لێ دەکەن4، لە کۆماڵگای ئێمەدا گرفتە سەرەکیەکە ئەوەیە کە دان بە جیاوازی ژن و پیاودا نانرێ مانای مەسەلەکە لە بنەمادا قبوڵ نەکردنی جیاوازیە و هیچ جیاوازیەکی رەگەزیشمان نیە چونکە لەجۆری ئەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندیەکانی نێوان پیاوو ژن دیکۆتۆمیە( مانای دابەشبوونی رەگەزێ بۆ دووان، واتە رەگەزی پیاو دابەش بووە بۆ رەگەزی پیاوو ژن) وەک چیرۆکی دروست بوونی مرۆڤ لە قورئاندا کە لە پێشدا خوا ئادەم دروست دەکا پاشان حەوا لە پەراسووی چەپی ئەو، کە

دەتوانم بڵێم ئەم ئەفسانەیە ڕێژەیەکی زۆر لە ژێرخانی کەلتوریمان پێکدەهێنێ، پیاو ڕۆشنبیری دروست دەکاو ژنیش دەبێتەوە کۆپی ڕۆشنبیریەکەی پیاو بۆ ئەدەب و سیاسەت هەموو شتەکانی تریش بە هامان شێوە دیکۆتۆمی نێوان پیاووژن بەزۆر بۆچوون وسیفەتی جیاوازی تر لێکدەدرێتەوە. لەوانە پیاو چالاکە و ژن ناچالاک، پیاو ڕۆحەو ژن لەش، پیاو فۆرمەو ژن کەرەستە، پیاو کردەوەیە و بەڵام ژن ئەوەیە، پیاو بکەرە(سەبجێکت) و ژن ئاوەڵ کردارە(ئۆبجێکت) .... ، پیاو بوونەوەرێکی گشتی جیهانیە، بەڵام ژن بوونەوەرێکی لۆکاڵی ناوچەییە، پیاو شەرئەنگێز و توندرەوە، بەڵام ژن هەستەوەرو میهرەبان، پیاو لەدەرەوەیە و ژن لەماڵەوە، پیاو سێکسی دەوێ، بەڵام ژن قسەکردنی دەوێ، ...هتد

کەواتە یەک ڕەگەزە کە نەرێتیانە پێناسە کراوە و یەک ڕەگەزە کە سەربەخۆ نیە و بەشێکە لە ڕەگەزێکی سەر بەخۆ، هەر چەند لە ڕەچەڵەکدا دوو ڕەگەز هەیە، بەڵام یەکێکیان بە جیهانی کراوە ئەویش کە پیاوە و بۆتە نۆرمێک بۆ مرۆڤ و ڕەگەزەکەی بە شێوەیەکی دیاری کراو نەماوەتەوە وە ئەوەی کە ماوەتەوە ڕەگەزی ژنی ناسەربەخۆیە و بەشێکە لە پیاوە.

ئەم دیدگا سیستەماتیکیانەی ناو کولتووری ئێمە نەک هەر گۆڕانی تیادا نەکراوە بەڵکو لەلایەن چەند ژنێکی وەک ڤینۆس و هەندێکی مۆرکی ڕەوایەتی دراوە بەو پەیوەندیە لاسەنگە دیکۆتۆمیەی نێوان پیاو و ژن. هەر لەم دەر ئەنجامەوە دەچنینەوە کە چەندە مەسەلەی ئەدەبی ژنان لەناو پانتای ئەدەبی کوردیدا نامۆیە و بەشێوەیەکی بەر فرە پیاو سەنتەر و دەسەڵات دارە، ئەم ئایدۆلۆژیا پیاوانەیە لە بواری ئەدەبدا ئەو بابەتانە بڵاو دەکاتەوە کە بە ئەدەبی گەورە دانراون یان لە پیاوانەوە بۆ پیاوان نوسراون ، هەروا شێوە نوسینی پیاو لەبارەی ژنەوە لەم مەیدانەدا بە شێوەیەکە کە پیاو بەردەوام ژن دەکاتە .ئۆبجێکت(ئاوەڵ کردار).... و هەموو خەسڵەتێکی لاوازی و سادەی و نەزانی و کاڵایەکی سێکی رووت و هێتد دەداتە پاڵ ژنان، نمونەی پیاوش.(.سەبجێکت) کارا و ئازا و پاڵەوان و بریاردەر و باوەڕ بە خۆ و هتد، ژنیش کاتێ دەست دەکاتە نوسین بەو ڕوانگە پیاوانەییەوە دەنوسێ. مارگەرێتە دۆراس لەم بارەیەوە دەڵێ، زۆربەی ژنان لەو باوەڕەدان کە دەبێ بە دوای ستایلی ئەو نوسینەدا بڕۆن و بنوسن کە کە تا ئێستا باو بووە و مانا بە هەمان شێوازی پیاوانە کە لە ئەدەبدا هەیە دەنوسن، هێلێن سێکسۆس تانها ئەلتەرناتیڤێک کە لە بەرامبەر ئەم باڵادەستییەی دەسەڵاتی پیاوان دەیبینێ، دروست کردنی زمانی ژنانە. چونکە زمان تانها ئامرازێکە کە نیشاندەری جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەیە.

بەڵام ئایا ژنی کورد توانیویەتی ئەو زمانێکی تایبەت بە خۆی لە ناو ئەدەبدا دروست بکات؟ لەوانەیە نموونەی ڤینۆس و هەندێکی تریشیان بەس بێ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، دوای ئەوەش ڤینۆس کە نکۆڵی لە ئەدەبی ژنان دەکات تەنها بە قسای ڕووت و باس لە هیچ تیۆریەک ناکات، و باس لەمەسەلەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەکات لە کوردستان بە بوونی مۆبایل و ئامێری کۆمپیوتەر ئەدەبی ژنان ڕەت دەکاتەوە. من تێناگەم ئەمە پەیوەندیەکی بە ئەدەبی ژنانەوە هەیە؟؟

مەسەلەی زمان یەکێکە لەو مەسەلە هەرە گرنگەنەی کە شوناسی ڕەگەزی پێ دیاری دەکرێ و ناکرێ بە بیانووی مرۆڤ بوون نکۆڵی لێ بکرێ دیل سپیندەر............ لە کتێبی پیاو زمانی دروست کرد، دەڵێ ژن و پیاو دوو زمانی جیاوازیان هەیە ، بەڵام چونکە زمان لەژێر کارگەری دەسەڵاتی پیاواندایە. پیاوان ئەو زمانەیان تایبەت کردوە بە خۆیان و لە ڕێی واژەکانیەوە ژنیان ملکەچ و کۆیلەی خۆیان کرد. چونکە زمان تەنها فاکتەرێکە کە ژن دەکاتە قسە کەر، ئەمەش دەبێت ببێتە بەشێک لە بەرنامەی ڕۆشنبیری، لەبەر ئەوەی گۆڕانی دەسەڵاتی زمان هەمیشە بەشێکە لەبەرنامەی ڕۆشنبیریی سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت ڕێ لە گەشەسەندنی زمانی ژن گیراوە ، لەفەرهەنگ و کۆمەڵناسیدا زمانی ژن وەک ئەوی تر بەکار هێنراوە نەک وەک خود.

من کە جۆری ئەم دەنگانەی ژنان دەبینم لە ئەوروپا هێندەی تر بێ ئومێد دەبم سەبارەت بە ئاستی باری ڕۆشنبیری ژنانی کورد، ڤینۆس گەر تۆزی لە نزیکەوە ئەدەبی هۆڵەندی بخوێندایەوە

دورکەوتەیەوە لەو  رۆشنبیریە پیاوانەیەی دنیای عەرەبی لەوانەیە هەرگیز خاوەنی ئەم بۆچونە پیاوانیانە نەبوایە،  جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەمە یەکەم جار نیە شتی لەم بابەتە لە ناو ژنانی کوردا روودەدات، ژنێکی تر کە خۆی بە یەکێک لە ژنە رۆشنبیرەکان دەزانێ و خاوەنی چەندین کتێبە ساڵی 2001.. لە کۆبونەوەیەکدا لە ستۆکۆڵۆم بە منی وت فێمێنیزم بیرۆکەیەکی رۆژئاواییەو لەگەڵ هەلومەرجی ژنانی کوردا نایەتەوە بەڵام پار جاوپێکەوتنێکیم بینی بە خۆی دەڵێ رادیکاڵ فێمێنیزم ، بەڵام ئەم رادیکاڵ فێمێنیستەی کورد لەگەڵ مەسولە دوو ژن و سێ ژنەکانی کوردستان دادەنیشێ و باس لەمافی ژنان دەکات، مانای هەندی لەو ژنانەی کە لەدەرەوەن خەریکن  بزوتنەوەی ژن بە هەموو شێوەیەک دەشێوێنن..


بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە

1- feministiskalitteratur analyser 1972-2002 sidan 49-52
2- simone de beauvoir __ det andra könet